# پێویسته دکتۆر کەمال دەستبەجێ ئازاد بکرێت !

دکتۆر کەمال لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان لە شاری هەولێر لە لایەن دەزگا ئاسایشییەکانی پارتیەوە بێ سەرو شوێنکرا، بۆ ماوەی دوو هەفتەو تاکو رۆژی 11/5 هیچ زانیارییەك نەبوو لەپەیوەند بە جێگاو ڕێگاو شوێنی دکتۆر کەماڵەوەو لەم ڕۆژەدا لەلایەن تەها بەرواری نوێنەری ئیدارەی هەولیر لە ئەوروپا لە چاوپیکەوتنێکیدا لەگەل رادیۆی هاوپشتی لە سوید ئاشکرای کرد کە دکتۆر کەمال لای پارتی دەستگیر کراوە.

من ئیدانەی ئەم شیوازو مامەڵەی پارتی لە پەیوەند بە بێ سەروشوێنکردنی دکتۆر کەماڵەوە دەکەم، کە ڕاستەوخۆ هەنگاوێکی دژ بە ئازادی سیاسی و ئازادی ڕادەربڕینەو تەنانەت خستنە ژێر پێی بەندەکانی ئەو دەستورەیە کە مانگێگ نابێت سەپاندیان بەسەر خەڵکدا.

دکتۆر کەمال پێویستە ئازاد بکریت. من ویرای ئیدانە کردنی ئەم هەنگاوو مامەڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئیدارەکەی لەشاری هەولێر، داوام لەتەواوی حزب و ڕیکخراوەو هەروەها و ئینسان دۆستان و ئازادیخوازان لەدەرەوەو لە ناوەوە هەیە کە ئەم هەنگاو مامەڵەیەی پارتی ئیدانە بکەن و فشار بخەنە سەر پارتی دیموکرات کە دەستبەجێ دکتۆر کەمال ئازاد بکات.

**ڕیبوار عارف**

**بەرپرسی کەمپینی ئازادکردنی دکتۆر کەمال**

2005/11/7

fediraq@welho.com

0770 156 9028

# لە پێناو ئازادی ڕادەربرین دا دەنگ هەڵبڕن

دکتۆ کەمال سەید قادر کە لە وولاّتی نەمسا گەڕاوەتەوە بۆ شاری هەولێر، بۆ ماوەی دوو هەفتە بوو بێ سەروشوێن کرابوو لە لایەن دەزگا ئاسایشییەکانی پارتیەوە، لە ڕۆژی 2005/11/5دا بۆیەکە مجار لە چاو پێکەوتنی تەها بەرواری نوێنەری ئیدارەی هەولێر لە ئەوروپا لەگەل ڕادیۆی هاو پشتی لەشاری سوید، ئاشکرای کرد کە ناوبراو لای پارتی گیراوە.

ئەم شێوازو هەلسوکەوتەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاردنەوەو بێ سەروشوێن کردنی دکتۆر کەمال، ڕاستەوخۆ پێشیکردن و سەرکوتی ئازادییە سیاسیەکانە، سەرکوت و زەوتکردنی ئازادی ڕا دەبڕینە. ئیمە بەتوندی نارەزایەتی خۆمان دەردەبڕین بەرانبەر بەم هەنگاوو هەلسوکەوتەی پارتی دیموکراتی کوردستان و داوای دەستبەجێ ئازاد کردنی دکتۆر کەمال سەید قادر دەکەین.

| ناو | پیشه | ئیمزا |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |